کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

27-11-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا شۆڕشەکانمان لەسەر بنەمای زانستی بوون؟ ... ناسرعەزیز هەورامی

ێگومان چۆن لە ماتماتیکا دەبێژین 1+1=2، شۆڕشیش هەربەو شێوەییە، بنەماییێکی چەسپاو ستاندەرتی هەیە. ئەگەر سەیری شۆڕە سەرکەوتوە کانی دنیا بکەیت، کە زۆرن و نمونەی زیندوون، لەناو دووتوێیی مێژوودا بۆمان ماون وەکو:-شۆڕشی چین، شۆڕشی فەرەنسا، ڤێتنام، 14تەممووزلەعێراق.... هتد.

ئەنجامی ئەم جۆرە شۆڕشانە، دیارو بەرجەستەو زیندوەو، بەرەکەشی بۆ ئەو گەلانەییە کە پێی هەڵساوەن، ئەم دوو نمونەیەش وەکو فەرەنساو، چین ئێستە لەبەر چاونو پێویست ناکات لێرەدا ئامازەیان بۆ بکەیین. چونکە ئەمە بابەتێکی فرە فراوانو بەر بڵاوە، من لێرەدا هەوڵئەدەم بەشێوەییێکی ئەکادییمی ئەم بابەتە نەهرووژێنم و، بەشێوەییێک دایئەڕێژم کە هەموان لێی تێبگەنو، بزانن مەبەستەم چییەو، خۆشیان بیری لێبکەنەوە، چونکە ئەگەر ئێمە پارووی جووراو بۆ هەموو خووێنەرانمان ئامادە بکەین، دواتر هەر گیز فێری پاروو درووست کردن نابن هیوادارم لێم تێبگەن.

هەر لەسەر ئەم بابەتە بزانین ئێمەی کورد، شۆڕشەکانمان شۆڕشی زانستیو ستاندەرت بوون؟، یان ئاشی نەزان خوا گێراوییەتی. ؟ ئایا سەرکردەکانمان پلەی ڕۆشنبیریان چۆن بووە؟ ئایا گەریگەریان لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن بووە؟

ئایا چ جۆرە بیروو ڕاییێکیان هەبووە؟ ئایا ئەو بیرو ڕایانەیان لەسەر واقع پیادە کراوە؟ یان هەرمەرەکەبی سەر کاغەز بووە؟ئایا... ئایاو... ئایا. خۆت بیر لەو ئایایانە بکەرەوەو بەراوەردیان بکە، بەشێوەییێکی ڕاستو ڕەوان. من لێرەدا هەوڵ ئەدەم کە جەند نموونەییێک، بەشێوەی چیرۆک بۆ بخەمە بەردەست. ئەگەر شۆڕشە کانمان ستاندەرت بوون، وەکو خۆمان ئامازەی بۆ ئەکەیین، کوا بەرهەمەکەیان؟ئایا ئەندامانی شۆڕشەکانمان، گۆش کراون بە بیروباوەڕی ئەو شۆڕشە، ڕادەی ڕۆشنبیری شۆڕشەوانەکانمان چۆن بووە؟هەڵسوکەوتیان چۆن بووە لەگەڵ ئێمەدا، کە گەلینو بەقسەی خۆیان ئەوان شۆڕشیان بۆ گەلی کورد کردوە. پەیوەندیان لەگەڵ گەلانی دنیا چۆن بووە، لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش بووە یان... ؟ { شۆڕش پێوانەکەی لەسەر ئەرزی واقعە}. مەسەلەییێکی هەورامی هەیە ئەڵێت:-{ جوجەڵی وەهاری پایزەنە مژماریا } یانی بەسۆرانییەکەی{جوجەڵەی بەهار لەپایزدا ئە ژمێردرێن}. بەکورتی ئەگەر شۆڕشت هەبوو ئەبێت بەرهەمیشی هەبێت. {من ئەو بەرهەمە بەجێ دێڵم بۆخۆت هەڵیسەنگێنە؟}. بیرەوەری جەنگاوەرێکی چیینی نمونەی شۆڕشی چیین: شەوەو، توشی شەڕێکی زۆرسەخت هاتیین، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی چین، ئێمە لەهاوڕێکانمان دابڕاینو بەرەو ئاراستەییێکی جیاواز کەوتینەرێ، پاشئەوەی گورزێکی کوشەندەمان لەهێزەکانی دا. لەبەر زۆر ڕۆیشتنمانوو هیلاک بوونمانگەیشتینە لادییێکی بجووکو، بڕیارماندا کە ئیمشەو لەم دێیە بمێنینەوەو، هەتا پشوییێک بدەینو گیانمان بێتەوە بەبەردا، بەرەو ماڵێک کەوتینەڕی، کە ڕێگەمان بکەنەوەو ئێسراحەتێکی تیا بکەیین، بەلام بارانێکی زۆر بەهێزیش بەو درێژایی ڕێیەلێیداوین، هیچی وشکمان بەبەرەوە نە ماوە، لەناچاریدا بڕیارماندا تەقە لەدەرگاییێک بدەینو بەڵکو ڕێمان پێ بدەن پشوویێک بدین، بەڵام پیاوێک هاتەدەرەوەو کە ئێمەی بینی چوار کەسو بەو شەوەدەرەنگە ئەوانمان بە خەبەرهێنا، زۆرلێمان تووڕەبوو، دەرگاکەی بەتووڕییەوە داخستوو، چوویە ژوورەوە، ئێمەش بڕیارماندا، ئیتر خەڵک ئیزعاج نەکەیینو، لەدەرگای کەسیتر نەدەیینو، لەبەردەم گوێسەبانەی ماڵەدا، بۆخۆمان مات بکەیینو هەرهیچ نەبێت باران لێماننادا، ئیتر تفەنگەکانمان خستە باوەشمانەوەو، کزمان کردوو، چاومان نایەسەریەک بەڵکوو، خەومان لێبکەوێت بارانیش بەخوڕ دەبارێت. بەم شێوەیە ئێمە کزۆڵەمان کردووەو باران دەبارێتو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

27-11-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شەوێکی ئەنگوستە چاویشە، پاش هەندێک کابرای خاوەن ماڵە، بە ئەسپایی هاتە دەرەوەو، زۆر بەسووکی دەرگاکەی کردەوە و، بەوردی سەیرێکی کردینو، پاش وەختێکی کەم، دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ خۆییدا بەم شێوەییە:-{باشە ئەمانە چوار کەسنوو چوار تفەنگیان پێیە من بەو شێوەییە چووم بەگژیاندا و نەمهێشت بێنەژوورەوە!!!!کەچی ئێستە ئەیان بینم بەم شێوەییە ماتیان کردوەو هیچ قسەش ناکەن، خۆئەیان توانی بەزۆر بێنە ژوورەوەو تێرێش بمکوتنو کەسیش نەبوودەستیان بگرێت. کەواتە بێگومان ئەمانە پیاو چاکن یان لەڕیزی فریشتەدان}.

بەم شێوەیە، خێرا هەڵی ساندینو، فەرمووی کردین و، وتی وەرنە ژوورەوە، ئێمەش بەبێ یەکو دوو شوێنی کەوتینو جووینە ژوورەوە. پاش درووست کردنی نانوو خواردنو، ئیسراحەت کردنمان، جا بە ئەسپایی لێی پرسین، ئێوە چین وکێن؟ ئیمەش وەڵامان داییەوەو بەسەر هاتی خۆمانمان بۆگێرایەوە. ئەوشەوە لەوێ خەوتینو ئیسراحەتمان کردوو بەرەبەییانی زوو، پێش ئەوەی دنیا روون بێتەوەو هەڵسواینو خۆمان پێچایەوە بڕۆیین، ئەویش پیی وتیین جاوەڕوانم کەن لەدەرەوە، منیش دێم لەگەڵتان، پرسیمان تۆ ئیشت لەگەڵ ئێمە چییە؟ ووتی نەخێر منیش لەگەڵتان دەبم بە پێشمەرگە وتمان باشە بۆچی ئەو بڕیارە خێراییەتداو چی وای لێکردی؟ وتی ئەوەی من لەئێوارەوە لە ئێوەم بینی، شتی زۆری لێوەفێربووم، بێگوومان ئێوە بە بەهاترین مرۆڤی سەرزەمینن، منیش دەمەوێت ببمە وەک ئێوە. کۆتایی ئەم پیاوە لە کارێکی زۆرسەختدا شەهید بوو، بەتەقاندنەوەی پردێکی گرنگ، خۆی تەقاندەوەو، بەڵام تەنها توانیان لەناو ئاوی ژێرپردەکەدا دەستێکی بدۆزنەوەو، ئێستە ئەو دەستەیان کردوە بەهەیکەلو، هەزارەها سالێتر، رۆحی ئەو شەهیدە لەناو دڵی چینیەکاندا زیندوە. ئەم نموونەی ئەو شۆڕشەیە کە ئێستا جینی پێدەڵێنو ژمارەیان[1500]ملیۆنەیانی[1. 5]ملیارئابووریان خەریکە دنیای داگیر کردوە، گەورەترین عملاقترین دەولەتی سەرزەوییە، پاش ئەمەریکا، دڵی ئەمەریکاشی خستوەتە لەرزەوە، ئێستە ئەتوانین بەرهەمەکانیان لەکووچەوکۆلانەکانی کوردستان ببینین، هەروەها لە هەمموی جهانیشا. تەنانەت شەرواڵو مراد خانیشمان بۆ ئەنێرن.

حوکمەکەی حەمەعەلی مەولە ئەمەیان نمونەی شۆڕشەکەی خۆمانە هەزار رەحمەتی لێبێت حەمەعەلی مەولە. بەحوکمی ئەوەی من خەلکی هەورامانی لەبیرکراوم و، هەورامانیش گشتکات باوەشی کراوەبووە، بۆ شۆڕشەکانی کورد، بەتایبیەتی تەوەێڵەو بیارە، تەوێلە لەسالی1961مەقەڕی سەرەکی ناوجەی سلێمانی، بوە ئێمەش خۆمان خەڵکی ئەوێین، یاداشتی زۆرمان لەگەڵ ئەم شۆڕشانەو، شۆرش گێڕانەدا هەییە بەلام هەورامییەکان، گشت کات غاندی ئاسا هەڵسو کەووت دەکەن، هەرگیز ڕێگەینەشیاو بۆ ئاریشەکان هەڵنابژێرن، گشتکات هێمنو لەسەرخۆن.

تەوێڵە مەقەڕی هێزی خەبات بوو، ئامر هێزیش ڕەحمەتی عبدالوهاب ئەترووشی بوو، زۆر پیاوێکی بەسامو توندووتییژبوو، کەمدووبوو، . بەڕێز ڕەحمەتی حەمەعەلی مەولە، خەلکی دێی سۆسەکان، بوو نزیک تەوێڵە، ئەم پیاوە هەتا بڵێی پیاوێکی فەقیرو کەم قسەبوو، خۆی بەشۆڕشگێڕێکی حەیار 24 لەقەڵەم ئەدا، شانسی ئەویش شۆڕشەکە هەرئەوەندەی فێرکردبوو، کە ئەیکرد، کردبویان بە مەسوولی دێی سۆسەکان. ئەوێش ڕۆژێک بە بەڕێز کاك شەفیع ئەلێت{شەفە}بەیانی بەئێسترەکەت، بارێک دارمان بۆبێنە بۆ مەقەر{بێگاری}یانی بەزۆر بە بێپارە، ئەوێش لەوەلامدا وتبووی بەسەر چاو، بەیانی ناتوانم، بەیانی دارەکان ئەفرۆشم ئەیاندەم بە شەکرووچا بۆ منالەکانم، بەلام دووبەیانی بە دڵنیایی بۆتی دەهێنم. بەڕێز کاک حەمەعەلی، سواری سەری خۆی ئەبێتو، ئەڵێت نەخێر نابێت، هەر ئەبێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

27-11-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەیانی، بۆ مەقەر بێت، مالۆ منالّت کەیفی خۆیانە، ئەویش گوێی ناداتیو بەیانی دارە ئەفرۆشێتو نایبات بۆ مەقەڕ، بەڕێز حەمەعەلی شۆڕش گێڕیش، کاک شەفیع ئەداتە مەحکەمەی شۆڕش، ئەوکات مەحکەمە لەبیارە بوو هەر چەند خەلّک لێی ئەپاڕێنەوە کەواز بێنێت، بەلاّم کاک حەمەعەلی شۆڕش گێڕیش، گوێ بیستی کەسنەبوو، کاک شەفیع ئەدرێتە مەحکەمە، مەحکەمەی شۆڕشیش 5دیناری ئەو زەمانە، کەزۆر زۆربوو جەزای، کاک شەفێع ئەدەن، بێگومان 5دینار مستەحیلات بووە بۆ ئەو پیاوە فەقیرە، ناچار حاجی عەبدوولّلا مەشهورە بە حاجی{ئولە}پیاو ماقولّی ئەوێ بوو، ناچار ئەبێت ئەچێت بۆ بیارەپارەکەی بۆ ئەداتوو، ئێتر کاک شەفیع لەگەلّ حاجی عەبدوولّلا و، کاک حەمەعەلی، ئەگەڕێنەوە بۆ سۆسەکان، پێش ئەوەی بگەنەوە سۆسەکان لەپشتی سۆسەکانەوە، قەبر سانی سۆسەکانی لێیە، هەرسێکیان دائەنیشن

ئیسراحەت بکەن ماندوویی ڕێ دەرکەن، شەفیع دێتەقسەو ئەلّێت... لەگەلّ مردووەکانا قسە ئەکا ئەلّێت بە مردووەکان هەستن {ک... }م بەقەبرتان، کامتان نارازیین بەو شوێنەی خۆتان، وەرن با من لەگەلّتان بیگۆڕمەوە، با ئێوەش حوکمی حەمەعەلی مەولە ببینن، ئەوە حوکمی حەمەعەلی مەولەتان نەدیوە.

ئەمە نمونەیێکی بچووکی هەزارەها خەرواره لە 1961 هەتا.... ئێستەش ناوچەی هەورامان ئیهمالّ کراوەو کەس لێیناپرسێتەوە.

لێرادا جەند پرسیارێک خۆی دەر ئەخات:-

ئایا ئەمانە بەمانای وشە شۆڕش بوون؟

ئایا تایفەگەریو خزم خزمێنە دەورێکی بالاّی نییە؟

ئایا جەقۆکێشو پیاوکوژ دەوریان زۆرترە یان ڕۆشنبیروو تێگەیشتوان؟

ئایا میلەتی کورد وەکو زەمانی بعس باری هەر 40مەن نییە؟

ئایا کەس هەییە لە گەنجو فەقیر بپرسێتەوە؟

ئایابەرپرسان لەیاسا بالاتر نیین؟

ئایا مرۆڤی شیاو لەشوێنی شیاو دانراوە؟

ئایا یاسا بەرقەرارە؟

ئایا ئێمە کەدۆستیانییینو ئەیان گرییێنین بەدوژمنی خۆیانمان نادەنە قەلّەم؟

ئایا ئەو کەسانەی ئەم پۆخلّەواتانە ئەخەنە بەردەستی خەلّکو مێژوو... بەرای ئێوەی شۆڕش گێڕ... خائینن... یان... دۆست؟

ئایا ئەزانن کۆتایی هەموو خائینو پیاو خراپێک هەر جەهەننەمەو وە بئسەلمسیررررررررررر.

کوتایی بەم شییعرە دەهێنم{ئێمەش کەسێکمان خۆشدەوێت دزوو گەندەلّ نەبێت}

یەکتریتان خۆشبوێت، بانەگبەتی بەرتان بدات

دوودلّی، ئەم قەومە، دیل و سووک و بەدرەفتار ئەکات.

ناسرعەزیز هەورامی

هۆلّەندا /لاهای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.